# کۆبونەوەی کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری (ی. ن. ک) لەسوید... کاوە بیبانی

رۆژی دووشەمەبەرواری ١٣. ٠٢. ٢٠٠٦ کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری (ی. ن. ك) سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی ئەندامانی (ی. ن. ك) ی کرد. لەم سنورە، سەرەتا هەڤاڵ شوان مەرزانی کارگێری کەرت بەخێر هاتنی هەڤاڵانی کردو دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ سماقوڵی لێپرسراوی کەرت بەدرێژی باسی گۆرانکاریەکانی ئەمرۆی عێراق و کوردستانی بۆ ئامادەبوان باسکرد. وەچۆنیەتی دروست بونی حوکومەتی عێراق و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان تەوەرەی سەرەکی باسەکەبوون. پاشان بەوردی باسی ڕێکخستنی بۆ ئامادەبوان کردوو لەباروو دۆخی ئێستادا. چونکە ڕێکخستنەکانمان لەگەشەکردنێکی بەرچاودان. وەتەبای ریزەکانی نێوان پارت و لایەنەسیاسیەکان دوو پات کرایەوە. وەهەموو لایەك بەڵێنی وەفاداریان بۆ ریزەکانی گەل و (ی. ن. ك) دوپات کردەوە. پاشان لەم کۆبونەوەفراوانەبریار درا کەئاهەنگی یادی دامەزراندنی (ی. ن. ك) ٣. ٦. ٢٠٠٦ لەباشوری سوید لەشاری هێلسینگبۆری بکرێت. پاشان هەڤاڵان بەسەرنج و پێشنیارەکانیان کۆبونەوەکەیان دەولەمەندتر کرد. کۆبونەوەکەش نزیکەی سێ سعاتی خایاند.

